# راپۆرتی دوو مانگەی چالاکیەکانی
# وەزارەتی مافی مرۆڤی
# حکومەتی هەرێمی کوردستان

---

**چالاکیەکانی تشرینی دووەم و کانونی یەکەم /2007**

---

## مافی چارەی خۆ نوسین داوایەکی رەوای گەلانە .....

## کار بۆ بنبڕکردنی پێشێلکارییەکان دەکەین

## لەم ژمارەیەدا ئەمانە بخوێنەوە:

- بەیاننامەی وەزارەتی مافی مرۆڤ بۆ ساڵیادی رۆژی راگەیاندنی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ...
- دیدار و چاوپێکەوتنەکانی وەزیری مافی مرۆڤ لە هەر دوو مانگی تشرینی دووەم و کانونی یەکەم ...
- بەشی بەندیخانەکان
- بەشی سکاڵا
- بەشی ئافرەت و منداڵ
- بەشی رێکخراوەکان

## یادەوەرییەکانی ئەم دوو مانگە پیرۆزن...

لەم دوو مانگەدا واتە تشرینی دووەم و کانوونی یەکەم چەند بۆنەیەك و روداوێکی مێژوویی لەمەڕ رەوشی مافی مرۆڤ بەخۆوەگرتووە لە 11/20 رێکەوتننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافەکانی منداڵ بەبریاری (25/44) لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەرۆژی 1989/11/20 متمانەی پێبەخشرا و لە رۆژی 9/2 دەستکرا بە جێ بەجێکردنی، هەروەها رۆژی 11/25 دانرا بە رۆژی (بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان) و بەکانوونی یەکەمیش و لەرۆژی 1948/12/10 دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی ولاتانی هاوپەیمانی سەرکەوتوو لە جەنگ بیریان لە دامەزراندنی دەزگایەکی نەتەوەیی جیهانی کردەوە کەبەبێ جیاوازی رەگەزی و ئایینی هەموو میللەتان و دەولەتان تیایدا ئەندام بن بۆ ئەمەش لە ساڵی 1945 لە کۆنفرانسێکدا کە لە (سان فرانسیسکۆ) بەنوێنەرایەتی (51) وڵات بریاریان لەسەر دامەزراندنی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

هەر لەبەر ئەم رۆشناییانەدا ژمارەیەك لە بیرمەندانی بواری ماف و ئازادییەکان کە مافەکانی مرۆڤیان بەماف و شێوەی سروشتی مرۆڤ داناوە لە هەمووشیان زێتر کە سەرگەرمی ئەم کارە بووبن (ڤۆلتێر و رۆسۆ) کە هەردووکیان بیرمەند و فەیلەسوفی فەرەنسایین کاریگەرییەکی دیاریان هەبوو لەسەر راگەیاندنەکانی (مافی مرۆڤ) هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە جاڕی جیهانی مافی مرۆڤ لە ساڵی (1948) لەنەتەوە یەکگرتووەکان بریاری لەسەر بدرێ.

کەواتە ئەم رۆژانە بوون و ئاییندە و کار لەسەرکردنیان و یادکردنەوەیان بە ئەرکێکی گرنگ دەزانرێ و هەمیشە لەم رۆژانەدا هەموو رێکخراو و دەزگا پەیوەندیدارەکان بەچاوێکی پڕ لە بایەخەوە دەروانن ئەنجامەکانی هاتنە کایەی ئەم راگەیاندن و رێککەوتننامانە کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان بریاری لەسەر دراوە.

ئێمەی کوردیش ئەم بریارانە بە رووداوێکی مێژوویی و مرۆیی مەزن دەزانین، چونکە ساڵانێکی زۆر بەهۆی پێشێلکارییەکانەوە ناڵاندوویەتی و نەیتوانیوە دەنگی مەزلومیەتی خۆی بگەیەنێ، بۆیە ئەمساڵیش وەکو هەموو ساڵانی دیکە وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشەوقەوە پێشوازی لەم رۆژانە کرد و وەك رۆژێکی پیرۆز لەرەوشی مافی مرۆڤ تێیروانی و لەهەموو شار و شارۆچکەکان لەمیانی فەرمانگەکانیدا بەچالاکی هەمە جۆر پێشوازی لێکرد و ئەمساڵیش بەساڵی وەرچەرخان لە بواری مافەکانی مرۆڤ دایە قەڵەم بەتایبەت لەرووی ناساندنی ئەم رەوشە کە رەنگە بەر لەچەند ساتێك تەنها ناوهێنانێکی سەر زارەکی بوبێت... بۆیە لە پاڵ ئەو هەموو کارانەی کە کراوە بە ساڵ و نیوی رابردوو لە بەرنامەرێژیدایە کە ئەمساڵ پەرە بەم رەوشە بدرێ و زیاتر هۆشیاری مافی مرۆڤ بچێتە ناو کۆمەلانی خەڵکەوە، چونکە ئەگەر ئەم هۆشیار و ناساندنە نەچێتە قولاییەکان ناکرێ سیستەمێکی دروست بۆ ئایندە بنیاتبنرێ، هەر ئەمەشە وەزارەت لە هەوڵ و کۆششدایە کارەکانی چڕتر بکاتەوە و کۆمەڵێ چالاکی گرنگ ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی ئەم رۆژانە هەموو دەمێ بەرۆژی رزگاری کۆیلایەتی دابنرێ و لەلای هەموو ئازادیخواز و مافپەروەرێکیش بەرۆژێکی پیرۆز ناوزەد بکرێ

# بەیاننامەی وەزارەتی مافی مرۆڤ
# بۆ ساڵیادی رۆژی راگەیاندنی جاڕنامەی
# جیهانی مافەکانی مرۆڤ

رۆژی 1948/12/10 کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤی لە (30) بەند راگەیاند و بە رووداوێکی گرنگی بەڵگەنامەیی مافەکانی مرۆڤ لەسەر ئاستی دونیادا دەژمێردرێ، چونکە ئەو دیکۆمێنتە رەچاوی بژارکردن و دستنیشانکردن و سیماکانی مافی مرۆڤی پێوە دیارە کە پێویستە بۆ هەموو کەسەکان دەستەبەر بێت بێگوێدانە رەگەز و رەنگ و ئایین.

هەڵبەت ئەمراگەیاندنە بەپێی کات و زەمەن کاریگەری خۆی هەبووە و زۆرانێکیش لە رژێمە دەسەلاتدارەکان بە بەردەوامی پێشێلکارییەکان دژی گەلەکەیان نواندووە و لەسەر رووی هەمووشیانەوە رژێمی بەعس لە ولاتەکەی ئێمە گەورەترین پێشێلکاری دژی گەلی کورد نواندووە و گەورەترین کارەساتی جینۆسایدی دەرهەق کردووە... بۆیە دوای راپەڕینی گەلی کورد لە بەهاری (1991) بیرکردنەوەی یەکەمی دەسەلاتی کورد ئەوەبوو کە پارێزگاری لە مافەکانی مرۆڤ بکرێ، چونکە گەلی کورد لە هەموو گەلانی دونیا زیاتر پێشێلکاری مافەکانی کراوە.

هەر لەم پێودانگەوەشبوو کە پەرلەمان و حکومەت دامەزرا رەچاوی ئەوە کرا و بە بەردەوامی کار بۆ ئەم بوارە کراوە و بەپێی هەوڵەکان ئەم رەوشە پارێزراوە، ناشڵێین پێشێلکاری نەبووە، چونکە لە هەموو دونیادا پێشێلکاری هەیە، بەلام لێرە بە بەردەوامی هەوڵەکان لە ئارادان بۆ کەمکردنەوەی ئەم پێشێلکارییانەی دروست دەبن.

بەتایبەت دوای یەکگرتنەوەی حکومەت و دروست بوونی کابینەی پێنجەم و دەست بەکاربوونی وەزارەتی مافی مرۆڤ وەك مینبەرێکی تایبەت بۆ بەدواداچوون و لێپێچینەوەی ئەو پێشێلکارییانەی سەرهەڵدەدا و لەم ماوەی ساڵ و نیوەی کە وەزارەت دامەزراوە ئەوە دووەمین جارە ساڵیادی ئەم رۆژە پیرۆزە دەکرێتەوە و بەشانازییەوە باس لەو ماوەیە دەکەین کە گۆڕانکارییەکی تا سنوورێك چاك لە رەوشی مافی مرۆڤ هاتۆتە کایەوە بەتایبەت لە رووی‌ناساندن و ئاشناکردنی بە کۆمەلانی خەڵك و بەسەرکردنەوەی بەندیخانەکان و رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵبەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەکان و زیندانیەکان و لە نزیکەوە گوێگرتن لە داوا و کێشە و پێشنیارەکان، هەر لەبەر رۆشنایی ئەم سەردانانە و بەرزکردنەوەی راپۆرتەکانی وەزارەت بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران جۆرێك لەیەکگەیشتن هاتە ئاراوە و ئەوەبوو سەرۆکایەتی هەرێم لە مانگی تەمووزی/2006 یاسای لێبووردنی گشتی دەرکرد و نزیکەی (644) زیندانی سوودیان لەم لێبووردنە وەرگرت.

هەروەها وەزارەتی مافی مرۆڤ لە میانی سەردانەکانیدا بۆ بەندیخانەکان خاڵێکی گرنگی لە کێشەی زیندانیان بەدیکرد ئەویش دواکەوتنی موحاکەمەکردنی زیندانیان بوو کە بەپێی یاسا دەبێ لەماوەی (6) مانگ چارەنووسی ئەمانە بە دیاربکەوێ و توانی ئەم کێشەیە تا سنوورێك چارەسەر بکات ئەویش بەدانانی (داواکاری گشتی) بوو کە داوای هەموو لایەك بوو و یەکێ لە هۆکارەکانی ئەم کێشەیەبوو و ئێستاکە لە بەندیخانەکان بەشێوەیەکی هەمیشەیی (دادوەری گشتی) دەوامی رۆژانەی خۆی دەکات.

لایەنێکی زۆر گرنگ کە وەزارەتی مافی مرۆڤ لەماوەی دەست بەکاربوونی کاری بۆ کردووە و کاری بۆ دەکات ئەو هەڵمەتەیە کە دژی توندوتیژی (مێینە) بەرپایکردووە و بەبەردەوامیش کاری بۆ دەکات و هەر لەبەر ئەم رۆشناییەش بوو سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم مەسەلەیەی بەهەند وەرگرت و داوای کۆبوونەوەیەکی تایبەتی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کردو لە ئەنجامدا لیژنەیەك پێکهات کە وەزارەتی مافی مرۆڤ سەرۆکایەتی دەکات و دوای ئەوەی ژمارەیەك کۆبوونەوە سازدرا و ئامار و راپۆرت لەمەڕ ئەم دیاردەیە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ پێشکەشکرا و تیایدا ئاماری کردەوەکانی ئەم دیاردەیەی خستەڕوو و لە رۆژی بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی مێینە خودی وەزیری مافی مرۆڤ وەك سەرۆکی لێژنەکە راپۆرتێکی ئاماری تێروتەسەلی پێشکەشکردوو تیایدا ئاماژەی بەم ئامارانەدا کە لەم لێژنەیە گفتوگۆی لەسەر کراوە و کاری لەسەر دەکرێ لە پێناوی کەمکردنەوەیدا...

هەر لە روانگەی ئەم مەسەلەیەوە کارێکی گرنگ ئەنجامدرا لە یاسای لێبوردنی گشتی کە لە ساڵی رابردوو لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچوو کە نابێ چیتر بۆ تاوانی ژن کوشتن بە بیانووی شەرەفەوە حوکمی (سووك) بۆ تاوانباران دابینبکرێ، بەڵکو یاساکە ئەم حوکمەی رەتکردەوە و حوکمی قورستری لە شوێنی دانا... هەروەها بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی ناوخۆ لە شارەکانی کوردستاندا بەڕێوەبەرایەتیەکی تایبەتی کردەوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە...

دیارە ئەم هەنگاوانەش کاتێکی دەوێ تا دەزگا تایبەتمەندەکان دەگەنە ئەنجامێکی باش و لەبار، ئەم دیاردەیەش ئەوەندە بەسووك و ئاسانی بنبڕناکرێ، چونکە سەرەتایەکی عەشایەر و ئاینی لە پشتەوەیەوە و بۆیە هەمیشە هەوڵەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لەم بوارەدا بەردەوامە و لە شوێنە ئاینیەکان کاری خۆیان کردووە بۆ هەرچی زووە بەرگرتن لەم کارە دزێوە.

دیارە لەماوەی ئەم ساڵ و نیوەی دەست بەکاربوونی وەزارەتی مافی مرۆڤ گەلێ بەرنامەی سوودبەخشانە خراوەتە روو لەمانە گفتوگۆیەکی چڕو هاوکارییەکی گرنگ لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەوەی ( وانەی مافی مرۆڤ لە قوتابخانەکانی کوردستان بخوێندرێ)... ئەوەبوو دوای دەرکەوتنی نیەتی پاك و ئاشنابوونی مافی مرۆڤ لەسەرەتای منداڵیەوە بە نەوەی نوێ وەزارەتی پەروەردە بەفەرمی بڕیاریدا لە ساڵی خوێندنی 2007-2008 ئەم وانەیە لە قوتابخانەکان بخوێندرێ کە ئەمەش دەبێتە بناغەیەکی پتەو بۆ بنیاتنانی بنەماکانی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا....

بێجگە لەمەش لەم ماوەیەدا وەزارەت لە کارو ئەرکەکانی خۆی تا رادەیەك توانیویەتی رەوشی مافی مرۆڤ بە خەڵکی کوردستان ئاشنا بکات و بزانرێ کە خەڵکانێك یان دەزگایەك هەیە بایەخ بەم مەسەلەیە دەدەن و بەدواوەین کە ئەم رەوشە بچەسپێ و بەڵگەشمان ئەو (پێشنار و سکالا)یانەیە کە بە بەردەوامی دەگاتە بەشی سکالا لە دیوانی وەزارەت و نووسینگەکانمان لە شار و شارۆچکەکان.

هەروەها وەزارەت بەگوڕ و تینێکی گەرمەوە لە گەیاندنی ئەم رەوشە لە کوردستان بە وڵاتان کاریگەری خۆی هەبووە و لەسەر ئاستی عێراقیش حسێبی بۆ کراوە و وەك وەزارەتێکی خاوەن ئەزموون لەم ماوە کورتەدا خودی وەزیری مافی مرۆڤی

حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرۆکایەتی وەفدی عێراقی کرد بۆ کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوەکگرتووەکان لە (جنێف) دیارە ئەمەش ڕووداوێکی مێژوویی گرنگە بۆ ئێمەی کورد کە ئەمڕۆ بە دەست و دەنگی خۆمان لەم مینبەرە داوای پاراستنی مافی مرۆڤ دەکەین کە سالآنێکی زۆر لە ڕێگا جۆر بەجۆرەکانەوە دەنگمان دەگەیشتە ئەم شوێنە گرنگەی کە هەموو دونیا حسێبی بۆ دەکات.

دەمانەوێ ئەوەشتان بۆ ڕوون بکەینەوە کە وەزارەتی مافی مرۆڤ بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلآیەتی بە بەردەوامی کاری بۆ پاراستنی مافەکانی منداڵان کردووە بەتایبەت منداڵانی سەرشەقام و لەم بارەوە لە سیمینار و کۆنفرانس و بلآوکراوەکانی خۆمان و بەرهەمهێنانی فیلمی دیکۆمێنتی لەسەر ئەم مەسەلەیە ئاماژەمان بەم دیاردەیە داوە و بەئەرکی خۆشمانی دەزانین کە دەبێ هەمیشە هەوڵەکانمان و یوختەتر بکەینەوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی کۆتایی بۆ ئەم دیارەدەیە ئەویش قسە کردنە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ باشکردنی ژیان و گوزەرانی منداڵان، چونکە بەپێی جاڕی جیهانی مافەکانی مرۆڤ نابێ هیچ منداڵێکی تەمەن خوار (18) ساڵی کاری پێبکرێ و لەم بوارەدا ئیستغلالی بکرێ.

وەزارەتی مافی مرۆڤ لە ڕووی خستنەڕووی چالاکی چاپ و بلآوکرنەوەدا لەم ماوەی ساڵ و نیوەیدا دەتوانرێ بگوترێ هەنگاوی زێڕینی ناوە ئەویش بە چاپکردنی (9) کتێبی نووسەر و ڕووناکبیرانی بواری مافی مرۆڤ و بە چاپگەیاندنی (5) ژمارەی (گۆڤاری مرۆڤ) کە ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی زانکۆ و پارێزەران و نووسەرانی ئەم بوارە لێکۆڵینەوە و نووسینی بە پێزیان تیا بلآوکردۆتەوە و واش چاوەڕوان دەرکرێ کە لە ئایندە ئەم گۆڤارە زیاتر بچێتە ناو خەلچکەوە و (ڕاپرسی) جۆراوجۆر بلآوبکاتەوە و بەشدارییەکی کاریگەرانە لە ئاشناکردنی تەواوی خەڵکی کوردستان بە بنەماکانی مافی مرۆڤ بکات، هەروەها وەزارەت لە بۆنە تایبەتیەکانی بورای مافی مرۆڤ بەدەیان پۆستەری بلآوکردۆتەوە کە ئەمەش نیشانەی مەدەنیەت و ڕووناکبیری دەبەخشێتەوە.

جارێکی تریش لە میانی ئەم بەیاننامەیەدا دووپاتی ئەوە دەکەینەوە کە وەزارەتی مافی مرۆڤ لە ئاییندەدا بەگوڕتر کار بۆ ئەم ڕەوشە بکات و بەزوویی دروشمی (هەموو هەوڵەکان بۆ پاراستنی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان) بەجێبگەیەنێ.

**وەزارەتی مافی مرۆڤی**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

2007/12/10

## دیدارەکانی وەزیری مافی مرۆڤ

- **لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی عێراق سەردانی وەزارەتی کرد....**
- **دیاری بەسەر منداڵاندا دابەشکرا.....**

لە چوارچێوەی پەیوەندیەکانی نێوان پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بۆ هەماهەنگی بەرەو پێشەوەچوون و گەشەپێدانی رەوشی مافی مرۆڤ رۆژی 2007/11/20 بەڕێز د.شوان مەحەمەد عزیز وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نووسینگەی تایبەتی خۆی پێشوازی لە سەید مەحەمەد حەیدەری سەرۆکی لێژنەی مافەکانی مرۆڤ لەپەرلەمانی عێراق و وەفدە یاوەرەکەی کرد.

لەم دیدارەدا بەتێروتەسەلی گفتوگۆ لەسەر رەوش و بنەماکانی مافی مرۆڤ کرا و لە راو بۆچوونەکان کۆك بوون کە دەبێ هەموو هەوڵەکان لەپێناوی ئەوەدا بێت پێشێلکاری نەمێنێ بەتایبەت کە ئەمڕۆ عێراق بەرەو وڵاتێکی دیموکراسی و مەدەنیەت هەنگاو دەهاوێژێ.

ئینجا وەزیری مافی مرۆڤ باسی کار و بنەماکانی وەزارەتەکەی بۆ وەفدی میوانکردو راشیگەیاند:

لەماوەی دەست بەکاربوونی وەزارەت بەر لە ساڵێك تا ئێستا گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە بواری مافی مرۆڤ هاتۆتەکایەوە و توانراوە بەر لە هەموو شتێك کۆمەڵانی خەڵك بە بنەماکان و ناساندنی مافی مرۆڤ ئاشنا بکات و ژمارەیەك سیمینار و کۆنفرانس سازبدا و لەسەرەتای کارەکانیشیدا (بۆردێکی راوێژکاری) دروست بکرێ کە تیایدا رێکخراوەکانی UN و ژمارەیەك لە رێکخراوە ناحکومیەکان ئەوانەی تایبەتمەندێتی خۆیان لە بواری مافی مرۆڤ هەیە ببنە ئەندام و ئێستاکەش ژمارەیەك کۆبوونەوە کراو بە پێشنیار و راسپاردەی گرنگ ئەنجامەکانی تەواو بووە و لێپێچینەوە و بەدواداچوون بۆ کارەکان کراوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان بۆ ئەم مەبەستە لێژنەیەکی تایبەتمەند بۆ ئەم کێشەیە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پێکهاتووە و ژمارەیەك لە وەزارەتەکان تیایدا ئەندامن و وەزارەتی مافی مرۆڤ سەرۆکایەتی دەکات...

باسیشی لەوە کرد کە لەمەودوا بەپێی یاسای لێبوردنی گشتی مامەڵەی حوکمی سووك لەگەڵ ئەو کەسانە ناکرێ کەکاری کوشتنی ژنان ئەنجامدەدەن و بەماددەی (406) لە یاسای حوکم مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ.لەبەرامبەردا سەرۆکی لێژنەی مافی مرۆڤ لەپەرلەمانی عێراق خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر ئەو بارە ئارامیە دەربڕی کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا دەبینرێ، ئینجا باسی لە رەوشی مافی مرۆڤ کرد کە لەسەرانسەری عێراق و ئاماژەشی بەو بارودۆخەدا کە ئەمڕۆ وڵات پێیدا دەڕوات.

لەتەوەرێکی تردا سەید مەحەمەد حەیدەری باسی لە رەوشی بەندیخانەکاندا کرد کە بەهۆی ئەو هۆکارە ئەمنیانەی دێنە پێشەوە بەندیخانەکان دووچاری زۆری بووینە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لێژنەی مافی مرۆڤ هەمیشە چاودێری پاراستنی مافی زیندانیان لە بەندیخانەکاندا دەکات.

لەدواجاریشدا د.شوان مەحەمەد عزیز رەوشی بەندیخانەکانی هەرێمی کوردستانی هەڵسەنگاند و ئەو پشتگیرییەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بەرز نرخاند لە چاککردنی باری بەندیخانەکان و دانانی (داواکاری گشتی) تیایدا کە بۆتە پاڵپشتێك بەزوویی تەواوبوونی موحاکەمەکردنیان کە ئەمەش بەندێکە لە تەواو کردنی یاسا کە دەبێ لە میانی (6) مانگدا چارەنووسی راگیراو بەدیار بخرێ.

شایانی باسە ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمانی عێراق ئامادەی ئەو دانیشتنە بوون.

لەلایەکی ترەوە بەبۆنەی ساڵیادی راگەیاندنی جاڕنامەی مافی منداڵان کە لە ساڵی 1959 لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکان راگەیەنرا لەماوەی دوێنێ و رۆژی 2007/11/20 وەفدێکی وەزارەتی مافی مرۆڤ سەردانی نەخۆشخانەی منداڵان و ژمارەیەکی زۆری قوتابخانەکانیان کرد.

لەم سەردانەدا دیاری بەسەر منداڵان دابەشکرا و باس لە گرنگی ئەم رۆژە کرا و ئەوپەڕی ژیانێکی ئاسوودەیان بۆ ئەو منداڵە نەخۆشانە خواست و داوای زوو چاکبوونەوەیان بۆ کردن...

دیارە وەزارەتی مافی مرۆڤ-یش لایەنێکی گرنگە لەم بۆنەیەوە، چونکە بە بەردەوامی کاروچالاکیەکانی خۆی بۆ پارێزگاریکردن لە مافەکانی منداڵان برەو پێدەدا و سیمینار و کۆڕ و سەردان بۆ ئەم مەبەستەرێکدەخات و لەهەوڵی بێشوماریشدایە بۆ دۆزینەوەی رێگا چارەیەکی دروست بۆ کێشەی منداڵانی سەرشەقام کە ئەمڕۆ بۆتە دیاردەیەکی دیاری ناو کۆمەڵ و گفتوگۆی زۆریش لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەم مەبەستە کراوە.

ئەم بەسەرکردنەوەیەش، لە میانی ئەم وەفدە بۆ خەستەخانە و قوتابخانەکان لەم بۆنە مەزنەدا ئەوە دەگەیەنێ کە پێویستە منداڵان هەموو ساتێ بەسەر بکرێنەوە.

شایانی باسە ژمارەیەکی زۆر لە منداڵان ئەم دیارییەیان بەسەر دابەشکرا و لە چالاکیەکانی ئایندەشدا ئەو لایەنانە بۆ منداڵان رەچاوبکرێ.

هەر بەم بۆنەیەوە وەزارەتی مافی مرۆڤ راگەیاندنێکی بلاْوکردۆتەوە تیایدا دەستخۆشی لە وەزارەتی پەروەردە کرد کە ئەمساڵ بڕیاریدا بەفەرمی وانەی مافی مرۆڤ لە قوتابخانەکانی سەرەتاسەری کوردستان بخوێندرێ، ئەمەش کارێکی رۆشنبیرانەی گەورەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری مافەکانی مرۆڤ و بلاْوکردنەوەی لەناو کۆمەڵگەدا.

## دیدارەکانی وەزیری مافی مرۆڤ

- **سەفیری سویدی سەردانی وەزارەتی مافی مرۆڤی کرد....**
- **سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کورد لە لەندەن هیوای خواست کادیری کورد لەم بوارەدا پێڕابگات....**

ڕۆژی 2007/11/27 بەڕێز د.شوان محەمەد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ لە دیوانی وەزارەت پێشوازی لە بەڕێز (نیکلاس تروۆ) سەفیری سوید لە عیراق کرد.

لە دیدارێکدا کە ژمارەیەك لە لێپرسراوانی هەردوولا ئامادەبوون بەشێوەیەکی گشتی باس لە رەوشی مافی مرۆڤ کراو وەفدی میوان جەختی لەسەر پاراستنی ئەم رەوشە کردەوە کە ئەرکێکی مرۆڤایەتیە و ئەم هەوڵ و کۆششەی کە دەسەڵاتداران لەم بارەوە نواندویانە بە کارێکی چاك و بەرەوپێشەوەچوونی وەسفکرد. هەروەها دووپاتی ئەوەشکرایەوە کە چەند بکرێ کاری جیدی ئەنجامبدرێ تا بەتەواوی ئەم دیاردەیە نەمێنێ، چونکە گەلی کورد زۆری بەدەست ئەم پێشێلکارییانەوە نالاندووە.

لە تەوەرێکی تردا دوانەکەتنی موحاکەمەکردنی زیندانیان گفتوگۆیەکی تێروتەسەلی لەسەر کراو ئەوەش دووپاتکرایەوە کە دەبێ زیندانی لە (6) مانگ زیاتر بەبێ موحاکەمەکردن نەمێنێتەوە.

باسکردنی توندوتیژی دژی ژنان-یش شێوە باسکردنێکی تر بوو لە نێوانی هەردوولادا و دەستنیشانی ئەو هۆکارانەی کە دەبێتە دروستبوونی بۆ ئەم دیاردەیە و چالاکیەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان بەبەردەوامی بۆ رووبەڕووبوونەوە و سزای ئەو کەسانەی کە ئەم تاوانانە دەنوێنن.

لەو چاوپێکەوتنە و دوور لە رەوشتی مافی مرۆڤ تیشك خرایە سەر ئەوەی کە ئەمڕۆ کوردێکی زۆر لە سوید دەژی و هەموو ماف و یاسا و یەکسانیەکیان هەیە...

لە دواجاریشدا جارێکی تریش سەفیری سویدی لە عێراق ئاماژەی بە ئارامی و هێمنی ناوچەکەدا و ستایشی ئەو گۆڕانکارییە شارستانی و مرۆییەی کرد کە هەرێمەکە پێیدا دەڕوات.

هەرهەمان رۆژ بەڕێز د.شوان محەمەد عزیز لە نووسینگەی تایبەتی خۆی لە دیوانی وەزارەت پێشوازی لە سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کورد لە لەندەن کرد.

لەم دیدارەدا کە سەعاتێکی خایاند هەردوولا باسیان لە رەوشی مافی مرۆڤ بەگشتی و مافی مرۆڤی کورد بەتایبەتی کرد، کە گەلی کورد بەدەست ئەو پێشێلکارییانەی کە دەرهەقی کراوە بەدرێژایی مێژوو چەند ئازار و ئەشکەنجەی مرۆیی بینیوە.

بۆیە ئاماژەیان بەوەدا کە دەبێ گەلی کورد ئەوپەڕی توانا و رۆشنبیریتی خۆی بەکاربهێنێ بۆ نەمانی پێشێلکاری لە حوکمڕانی خۆیدا.

لەتەوەرێکی دیکەدا ئەو گۆڕانکارییانە تاوتوێکرا کە لەسەردەمی دەستبەکاربوونی کابینەی پێنجەم و دروست بوونی وەزارەتی مافی مرۆڤ هاتە کایەوە و ئەوەش خرایە روو کە بەبەردەوامی بەندیخانەکان بەسەرکراونەتەوە و لە چۆنیەتی ژیان و گوزەرانی زیندانیان و مامەڵەکردنی کارگێڕی بەندیخانەکان بەرامبەریان پێچراوەتەوە و هەر لەبەر ئەم رۆشناییەش سەرۆکی

مافی مرۆڤی کورد لە لەندەن هەندێ زانیاری خستەڕوو کە بەشێك بوو لە پێشێلکاری کە دەرهەق بە زیندانیان کراوە، لەبەرامبەردا وەزیری مافی مرۆڤ چۆنیەتی هەواڵەکانی بە وەفدی میوان راگەیاند وجۆرێك لێك حاڵی بوون هاتەکایەوە.

هەرلەم سەردانەدا سەرۆکی مافی مرۆڤی کورد داوایکرد کە پێویستە وەزارەتی مافی مرۆڤ هاوکاری رێکخراوی (چاك) بکات، چونکە رێکخراوەکە کار بۆ ئەو پێشێلکارییانە دەکات کە رووبەڕووی گەلی کورد بۆتەوە، هەروەها راشیگەیاند کە رێکخراوەکەیان ئامادەیە پسپۆڕانی بواری مافی مرۆڤ لە دەرەوە بهێنێتە کوردستان و هەروەها ئەو خەڵکانەش بباتە دەرەوەی وڵات بەمەبەستی کردنەوەی خولی راهێنان و زانیاری و زیاتر لەسەر رەوشی مافی مرۆڤ بۆئەوەی کەش و هەوای دروسبوونی کادیری کارامە و لێهاتووی ئەم بوارە دروستبێ و گەلی کوردیش ببێتە خاوەنی ئەزموون لە رەوشی مافی مرۆڤ.

## له پەرلەمانی عێراق یاسایەك بۆ زەرەرمەندان دەردەچێ...

بۆ پتەوكردنی پەیوەندییەكان لە نێوان دەزگاكانی مەركەزی و هەرێمی كوردستان بەتایبەت لەڕووی رەوشی مافی مرۆڤ، پێش نیوەڕۆی رۆژی 2007/11/12 بەڕێز د.شوان مەحەمەد عزیز وەزیری مافی مرۆڤی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە نوسینگەی تایبەتی خۆی پێشوازی لە وەفدێكی لێژنەی زیندانیە سیاسیەكانی پەرلەمانی عێراق كرد...

لەم دیدارەدا كە بەڕێزان بەڕێوەبەری گشتی كاروباری مافەكانی مرۆڤ و راوێژكاری وەزارەت ئامادەیبوون وەفدی میوان ئاماژەیان بەوەدا كە ئێمە لەیەك ولاّتدا دەژین و پێویستە هەموو لایەك هەولّی ئەوەبدەین ئەم ولاّتە بەرەو سەركەوتن و ئاوەدانی و شارستانیەت ببەین، باسیان لەوەشكرد كە ئەوان كار بۆ گەڕانەوەی مافەكانی زیندانیە سیاسیەكان و زەرەرمەندەكانی دەستی رژێم و كارە تیرۆرستیەكانی ئێستا دەكەن و هەولّدەدەن یاسایەك بۆ ئەم مەبەستە لە پەرلەمانی عێراق دەربچێ و كاریش بۆ ئەم یاسایە كراوە.

لەبەرامبەردا د.شوان مەحەمەد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ بۆ وەفدی میوانی دووپاتكردەوە كە لەورۆژەی وەزارەتی مافی مرۆڤ لە حكومەتی یەكگرتووی هەرێمی كوردستان دەستبەكاربووە بەبەردەوامی سەردانی بەندیخانەكان كراوە و زۆر بەڕوونی سەیری چۆنیەتی گوزەرانی زیندانیان لە بەندیخانەكان كراوە و چاودێری پاراستنی مافەكانی مافی مرۆڤ كراوە.

لە تەوەرێكی دیكەشدا رەوشی مافی مرۆڤ لە كوردستان لەسایەی ئەم ئارامی و پاراستنی ئاسایشەی هەیە و توانراوە تا سنورێكی زۆر چارەسەربكرێ و حكومەتی هەرێمی كوردستانیش پشتگیری لەم رەوشە دەكات و چاوپۆشی لە پێشێلكارییەكان ناكات و هەرلەم روانگەیەوە سەرۆكایەتی هەرێم یاسای لێبوردنی گشتی دەركرد و ژمارەیەكی زۆر لە زیندانیان سوودیان لێوەرگرت...

هەر لەم چاوپێكەوتنەدا باس لە پەیوەندییەكانی لێژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی كوردستان و وەزارەت كرا و ئاماژە بەوەدرا كە سەردانەكان بەردەوامە و لەكارەكاندا هاوكاری یەكتر دەكرێ و بەبەردەوامی چاودێری رەوشەكە دەكەین و دەستنیشانی پێشێلكارییەكان دەكرێ بە مەبەستی دووبارە نەبوونەوەیان لە دەزگاكاندا.

هەروەها گفتوگۆ لەسەر توندوتیژی دژی ژنان كرا كە ئەمڕۆ وەك دیاردەیەكی زەق دەبینرێ، لەم رووەوەش وەزیری مافی مرۆڤ ئاماژەی بە كۆمەلّێك چالاكی و لێپێچینەوەدا بەتایبەت كردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیەكی تایبەت لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە بۆ بەدواداچوون و جێبەجێكردنی حوكمی یاسا لەسەر ئەمانەی كە ئەم تاوانە ئەنجامدەدەن و دانانی لێژنەیەكی فراوان لە وەزارەتە پەیوەندیدارەكان بۆ ئەم مەسەلەیە.

لەم سەردانەشدا وەفدی پەرلەمانی عێراقی باسیان لە دیاردەی كاركردنی مندالاّنی سەرشەقام كرد كە لەگەلّ جاڕنامەی مافی مندالاّن ناگونجێ و چارەسەرییەكانیشی لەم بوارەدا بە زەحمەتی دەتوانرێ بێتەدی.

لەلایەكی دیكەوە وەفدی پەرلەمانی عێراقی ئاشكرای كرد كە لەم زوانە یاسای فیدراڵی عێراق لە پەرلەمان جێبەجێدەكرێ كە ئەمەش نابێتە هۆی ئەوەی كە عێراق پارچە پارچە بێ.

ئەم دیدارە كە ژمارەیەك پەرلەمانتاری عێراقی ئامادەیبوون نزیكەی سەعاتێكی خایاند.

## وەزیری مافی مرۆڤ

## پێشوازی لە وەفدێکی مافی مرۆڤی کورد لە بەریتانیا کرد...

بەمەبەستی هاوکاریکردنی وەزارەت و رێکخراوە جیهانیەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تایبەتمەند بۆ گەشەپێدانی رۆشنبیری و تێگەیاندنی کۆمەلانی خەلکی کوردستان بە بنەماکانی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا رۆژی 2007/12/2 بەڕێز د.شوان مەحەمەد عزیز وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نووسینگەی تایبەتی خۆی پێشوازی لە خاتوو (کاترینا ڤانی) لێپرسراوی یاسایی لە رێکخراوی مافی مرۆڤی کورد لە لەندەن کرد...

لەسەرەتای دیدارەکەدا وەزیری مافی مرۆڤ ئاماژەی بەو کارو چالاکیانەدا کە لەماوەی ساڵ و نیوێکی دەستبەکاربوونی کابینەی پێنجەم لە وەزارەتی مافی مرۆڤ ئەنجامدراوە و راشیگەیاند:

دەکرێ بەم قۆناغە بگوترێ دەستپێکردنی کارکردنی چالاکانە بۆ ئاشناکردنی رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان و ئەویش لە میانی بەستنی کۆمەلێ سیمینار و کۆنفرانس و بلاوکردنەوەی ورك شۆپ و خولە ناوخۆ و عەرەبی و نێودەولەتیەکان کە ئەمەشیان نیشانەی ئەوەیە کە وەزارەت بەکردەوە بەشداری لە بەرەوپێشەوە چوونی رەوشەکە کردووە.

لە تەوەرێکی دیکەدا هەردوولا باسیان لە تیرۆر و یاسای تیرۆر کرد کە لەم دواییانەدا لە پەرلەمانی کوردستان بلاوکرایەوە...

ئینجا وەفدی میوان هاتە سەر چۆنیەتی بارودۆخی بەندیخانەکان و ئاگاداربوونی وەزارەت لە پاراستنی مافەکانی زیندانیان بەتایبەت لە رووی پێشێلکاری ئەشکەنجەدان و دواکەوتنی موحاکەمە کردنیان...

لەلایەکی دیکەوە هەر لە رەوشی بەندیخانەکاندا وەفدی میوان لە بارەی بەندیخانەی مندالان و باری گیراوە مندالەکان گفتوگۆی تێروتەسەلی کرد و هەردوولاش جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێ لەم بوارەدا مافی یاسایی و زیندانی ئەم مندالانە بپارێزرێ...

هەروەها لێپرسراوی یاسایی رێکخراوی مافی مرۆڤی کورد لە لەندەن ئامادەباشی خۆیان دووپاترکردەوە کە ئامادەن خولی راهێنان بۆ پسپۆڕانی وەزارەت بکاتەوە بۆ زیاتر شارەزابوون و تێگەیاندنی بەشداربووان بەرەوشی مافی مرۆڤ بەتایبەت لەرووی بنبڕکردنی دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان.

لەبەرامبەردا وەزیری مافی مرۆڤ ئەو هەولانەی راگەیاند کە لێژنەیەکی تایبەت لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم مەبەستە پێکهاتووە و وەزارەتی مافی مرۆڤ سەرۆکایەتی دەکات و تا ئێستاکەش ژمارەیەك کۆبوونەوەی سازداوە و دوا ئەنجامەکانیش لە راپۆرتێکی تێروتەسەل لە رۆژی 2007/2/25 رۆژی بەرنگابوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە میانی کۆنفرانسێکی فروان راگەیاند. لە کۆتای دیدارەکەشدا کە خاتوو تاڤگە عمر رەشید بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مافی مرۆڤ لە دیوانی وەزارەت ئامادەبوو د.شوان مەحەمەد عزیز ستایشی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردی لە لەندەن کرد کە هەولەکانیان لەم بوارەدا مایەی گەشەپێدان و بنیاتنانی رەوشی مافی مرۆڤی پێوە دیارە.

## بەشی بەندیخانەکان

لەراپۆرتی بەشی بەندیخانەکان لەدیوانی وەزارەت کە بریتیە لە کۆکردنەوەی راپۆرتی شارو شارۆچکەکانیش دەردەکەوێ کە هەندێ لەو کێشە و گرفتانەی لە راپۆرتەکانی رابردوو خستبویانەروو بەبێ چارەسەرکردن ماونەتەوە و لەراپۆرتی دوو مانگەی ئەمجارەشدا سەر لەنوێ خراونەتەروو وەك نەبوونی جێگا و تێکەڵاوکردنی گەورە و منداڵ و نەبوونی شوێن بۆ بەسەربردنی کاتی زیندانیان..... هتد.

لەدوا سەردانیاندا لەرۆژی 2007/12/17 بۆ بەندیخانەی ناوەندی هەولێر دەرکەوتووە کە (249) حوکمدراو و (217) راگیراوی تێدابووە... کێشەی زەقی زیندانیان کە چەند جارێکە دووبارە دەبێتەوە یەکلایی نەبوونەوەی کێشەکانیان لەماوەی یاساییدا کە (6) مانگە، بەڵام لەرووی خزمەتگوزارییەوە هیچ گلەییەك لە ئیدارەی بەندیخانەکە نەبووە.

هەمان رۆژ سەردانی بەندیخانەی چاکسازی نەوجەوانان و ئافرەتانیان کردووە و نەیانتوانیوە بچنە ناو هۆڵەکانی چاکسازی بەهۆی ئەوەی کە بەرێوبەرایەتی چاکسازی خەریکی (بۆیاغ) کردنی هۆڵەکان بوو، لەم رووەوەش بەرێوبەری چاکسازی رایگەیاندووە کە خەریکی دروستکردنی بینایەکی نوێن کە پێکهاتووە لە (8) ژووری ئینفرادی بەرووبەری (3×4) بۆ ئەو ئافرەتە بەندکراوانەی کە هەندێجار حاڵەتی دەروونیان رێگەیان پێنادات بۆمانەوە لەناو بەندکراوەکانی دیکە یان هەبوونی هەر راگیراوێك کە پێویست بێت لە ئینفرادی دابنرێت. بەرێوبەرایەتی مافی مرۆڤ لەزاخۆ لەراپۆرتەکەیاندا کە سەردانی بنکەی گرتن و گواستنەوەی زاخۆیان کردووە ئاماژەیان بەوە داوە لەکات و ساتی خۆی بەندکراوەکان رەوانەی دادگا دەکرێن... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەم بنکەیە چەند کەموکورییەك بەدیدەکرا لەمانە: هۆڵی فراوان نییە بۆ بەندکراوان و زیندانی هەموو جۆرە تاوانەکان لەگەڵ یەکتری تێکەڵ دەکرێن و ئەگەر گیراوێکی نەوجەوان هەبێت لەگەڵ گەورەکان دادەنرێ.. هەروەها شوێنی تایبەت بە ئافرەتە بەندییەکان نییە، بۆیە پێشنیار دەکرێ کە (2) تا (3) هۆڵ بۆ ئەم مەبەستە لەناو بنکەکە دروست بکرێ.

لەبەرێوبەرایەتی دهۆکیش وەك لە راپۆرتەکەیاندا دەرکەوتووە لەکاتی سەردانیاندا بۆ چاکسازی پیاوان و چاکسازی نەوجەوانان و ئافرەتان کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پێداویستیەکانی قوتابخانەی ناو چاکسازی.. بەڵام بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی دهۆك ئامادە نەبووە ئاماری ژمارەی زیندانیان بداتە بەرێوبەرایەتی مافی مرۆڤی دهۆك...

لەدرێژەی راپۆرتەکەی بەشی یەندیخانەکان لەدیوانی وەزارەت راپۆرتی نووسینگەی ئاکرێ ی مافی مرۆڤ خراونەتەروو کە لەمیانی هەردوو مانگی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمدا سەردانی بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی قەزای ئاکرێ کراوە بەندیخانەکەیان بەسەرکردۆتەوە کە (29) راگیراو و (1) حوکمدراوی تێدابووە و بەرێوبەرایەتی مافی مرۆڤ فۆرمی تایبەت بەبەندکراوەکان بەسەریاندا دابەشکراوە، بەڵام هیچ بەندکراوێك فۆرمی پر نەکردۆتەوە.. بەڵام لەم بنکەیەدا هیچ دکتۆرێك

بەبەردەوامی لەم بنکەیە نامێنێتەوە، هەر کاتێ بەندکراوێك پێویستی بە چارەسەر هەبێت رەوانەی نەخۆشخانەی دەرەوە دەکرێت.
هەر لەم راپۆرتەدا ئاماژە بەوە کراوە کە دوو کەس لەگیراوەکان گلەییان هەبووە کە لەکاتی دەستگیرکردنیان لەلایەن بەرێوبەرایەتی ئاسایشی (بەردەرەش) ئەشکەنجەدراون... بۆ ئەم مەبەستەش لێکۆڵینەوە بەردەوامە لەلایەن نوسینگەی ئاکرێ وە، واش دەردەکەوێ بەندیخانەی بەرێوبەرایەتی ئاسایشی قەزای ئاکرێ هیچ بەندکراوێکی تێدا نەبووە.

لەراپۆرتی ئەم دوو مانگەی ئەمجارەی نووسینگەی سۆران تایبەتی بەبەندیخانەکاندا هاتووە کەلەکاتی سەردانیکردنیان بۆ بنکەی پۆلیسی سۆران لە رۆژی 2007/11/26 (5) بەندکراو و (1) راگیراوی تێدابووە.
وێرای نەبوونی گلەیی زیندانیان، بەلاّم نەبوونی رایەخ و پێداویستی خەوتن یەکێکە لە کەموکورییەکان و هەروەها زیندانیەکان داوا دەکەن کە بەم زستانە چارەسەرێکیان بکرێ و داواشدەکەن کە خواردن و خواردنەوەیان بۆ باش بکرێت. هەر ئەوەشبوو بەهەوڵی وەزارەت نووسینگەی ناوبراو لە رۆژی 2007/12/19 هەڵسا بە دابەشکردنی (مۆکێت) بۆ سەرجەم ژوورەکانی ئەم گرتوخانەیە و دابەشکردنی بری (15) دۆشەك و (15) بەتانی و (15) سەرین بەسەر بەندییەکانی ئەم بەندیخانەیە.
هەر لە رۆژی 2007/11/26 ئەم نوسینگەیە سەردانی ئاسایشی سۆرانیان کردووە و لەبەندیخانەکەیان هیچ بەندکراوێك نەبووە، بەلاّم لەسەردانی دووەمیاندا کە لەرۆژی 2007/12/30 بۆ هەمان بەندیخانە تەنها (1) بەندکراو هەبووە ئەویش بە تۆمەتی دزی گیرابوو، دیسانەوە لە راپۆرتەکەیاندا خراوتەروو کە ئەم بەندیخانەیە زۆر کۆنە و هیچ مەرجێکی بەندیخانە لە خۆ ناگرێ.
بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤ لە کۆیە-ش راپۆرتێکی لەمەر رەوشی بەندیخانەکانی ئەم دەڤەرە ئامادەکردووە و سەردانی بەندیخانەکانیان کردووە بەمەبەستی وەستان لەسەر ژیان و گوزەرانی زیندانیان لەم شوێنانەدا لەسەرەتادا چوونەتە بنکەی گرتن و گواستنەوەی بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی کۆیە و لەبەندیخانەکەیاندا (19) بەندکراوی تێدابووە کە بەکۆمەکی جیاجیا و بەبریاری دادوەر دەستگیرکراون و ئەم تێبینیانەیان لەلا گەلاّڵەبووە کە ئەمانەن:

1- نەبوونی هیچ بلاّوکراوە و چاپەمەنیەك لەبەندیخانەکە تا بەندییەکان بیخوێننەوە جگە لە رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) نەبێ کە بەرێوبەرایەتی مافی مرۆڤ رۆژانە بۆیان دابین دەکات.
2- نەبوونی ئاوی (پاك) و ئەو ئاوەی دەیخۆنەوە لە رووی تەندروستیەوە پاك نیە و بەتانکەر بۆیان دێ.
3- نەبوونی کادیری کۆمەلاّیەتی لە ناو بەندیخانەکاندا.
4- تا ئێستا نەتوانراوە کارمەندێکی پاککەرەوە دابمەزرێت بۆ پاککردنەوەی ناو بەندیخانەکە و نەبوونی مەرجی تەندروستی لەناو بەندیخانەکەدا.

5- نەبوونی ئامێری گەرمی و ساردی لە ژوورەکاندا.

6- نەبوونی جل و بەرگی تایبەت بە بەندییەکان لەناو بەندیخانەکەدا.

7- نەبوونی شوێنی وەرزشی و پزیشکی ژن تاکو سەردانی ئەو ئافرەتانە بکات کە لە بنکەکە راگیراون.

هەر لەم پێداویستیە زەرووریانەی کە بەندیخانەکە پێویستی پێیەتی (2) ژوور پێویستی بەراخستنی موکێت هەیە و هەرچەندە وەزارەتی مافی مرۆڤ بۆ (4) ژوور ئەم پێداویستیەی دابینکردووە.

لە کاتی سەردانیشیان بۆ بەندیخانەی بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی رۆژهەڵاتی هەولێر هیچ بەندکراوێك لەم بەندیخانەیە نەبووە و لە رووی تەندروستیشەوە شوێنێکی گونجاو نیە، واتە دروستکردنی بینایەتێکی تایبەت بۆ ئەم بەندیخانەیە زۆر گرنگە.

لەم بەندیخانەیەش سەرچاوەی راگەیاندن و هۆشیارکردنەوە وەك تەلەفزیۆن و رۆژنامە نیە و ئامرازی ساردی و گەرمیشی هەر تێدانیە بۆ زستان و هاوین... هەمان کێشەکانی نەبوونی شوێنی وەرزش و کادیری کۆمەلاّیەتی و جل و بەرگ و پێخەفی تایبەت بۆ بەندییەکان لەم بەندیخانیەش بەدیدەکرێ... بەلاّم لەرووی خزمەتگوزاری و خواردن و ئاو و کارەبایەوە هیچ گرفتێك بەرچاو نەکەوتووە.

بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی شارەزوور لە راپۆرتی دوو مانگەی خۆی کە تایبەتە بە بەندیخانەکان رۆژی 2007/12/30 سەردانی بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی شارەزووری کردووە کە تاکە بەرێوەبەرایەتیە لە سنووری بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی شارەزوور و هەموو راگیراوەکانی بنکەی ئاسایشی شارۆچکەکانی (هەلەبجەی شەهید و هەلّەبجەی تازە و سەید سادق و خورماڵ) و بەهەموو ناحیەکانەوە دەگرێتەخۆ، لەکاتی سەردانەکەشیاندا تەنها (یەك) بەندی تێدا بووە... ئەم بەندیخانەیە لە رووی سیستەمی بەندیخانەکانەوە هیچ مەرجێکی بەندیخانەی تێدا نیە و بیناکەی کۆن و نەگونجاوە و هەموو جۆرە بەندکراوێکی بەبێ جیاوازی تەمەن و جیاوازی جۆری تاوانی تیا بەیەکەوە دەبێ... بەلاّم لەرووی مامەڵە کردنی کارمەندانی بەندیخانەوە هیچ گلەییەك نەخراوەتە روو.

بنکەی پۆلیسی هەلّەبجەی شەهید-یش ژوورێکی بچووکی تەرخانکردووە بۆ راگیراوانی سنووری خۆیان کە گونجاو نیە و لە بنکەی پۆلیسی سەید سادق-یش هەمان کێشە دووبارە بۆتەوە, لە بنکەی پۆلیسی هەلّەبجەی تازە-ش (یەك) ژوورە, بەلاّم هیچ راگیراوێك لەم بەرێوەبەرایەتیە لە (24) سەعات تێپەڕ ناکات و رەوانەی سلێمانی دەکرێت...

لە بنکەی پۆلیسی زەڕایەن کە سەر بەبەرێوەبەرایەتی پۆلیسی شارەزوورە و لە وێش تەنها (یەك) ژوور هەیە بۆ راگرتنی گیراوەکان.

راپۆرتی بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی رانیەش کە لەم راپۆرتە گشتیەی بەشی بەندیخانەکانی دیوانی وەزارەتدا هاتووە روونیکردۆتەوە کە بنکەی پۆلیسی رانیە (5) مانگ دەبێت خەریکی کاری نۆژەنکردنەوەی بینای بنکەکەن و بریار وایە ئەمساڵ کۆتایی پێ بێت.

لەكاتی سەردانیكردنیان بۆ بەندیخانەی بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی قەزای رانیە كە لەناو كۆمەڵگای فەرمانگەكانی ناو بازاردایە و چەند ژوورێكیان رێكخستووە بۆ بەندییەكان. بەلاّم جێگای راگیراوی منالّ و ژنی تیا نیە، چونكە (3) ژوور و دالاّنێكە و گۆرەپانی پشودانیان نییە.

كێشەیەكی دیكەی بەرچاو كە بە بەردەوامی لەو بەڕێوەبەرایەتیەدا هەیە كێشەی نەبوونی خۆراك و جل و بەرگ و خزمەتگوزارییە كە بۆتە هۆكارێك بۆ دروسبوونی كێشەی ئابووری بۆ بەندكراوەكان.

لە بنكەی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی (قەلاّدزێ ، راپەڕین) دیارە ئەمە دوو بنكەی جیاوازن و هیچ كامیان جێگای باشیان نیە بۆ هێشتنەوەی راگیراوەكان و جگە لە نەبوونی هیچ جێگایەك بۆ راگیراوی (منالّ و ئافرەت) سەرەڕای نەبوونی خزمەتگوزاری... لەگەلّ ئەوەشدا مامەلّەی كارمەندانی بنكەكە لەگەلّ راگیراوەكان باشە.

بنكەی گرتن و گواستنەوەی تێبینەرایەتی ئاسایشی قەلاّدزێ هەمان كێشەی ئەوانی دیكەی هەیە و هیچ نەسرییەیەكی تایبەتیان نیە بۆ خەرجكردنی پێداویستسەكانی ناو بنكەكە, بەلاّم بنكەی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی ناحیەی ژاراوە تەنها دالاّنێكی (1×4) مەتریان هەیە بۆ راگرتنی راگیراوەكان و جێگای راگیراوی (مندالّ و ئافرەتیان) نیە.

بنكەی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی ناحیەی سەنگەسەر سەرباری ئەوەی شوێنیان نیە لە ژوورێكیشدان لەبەر نزمی سەقفی ژوورەكە ناتوانن پانكەش هەلّواسن, لە بنكەی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی كێوە رەش لە قەزای رانیە هەمان گرفت و كێشەی بنكەكانی دیكەیان هەیە...

بنكەی گرتن و گواستنەوەی ناحیەی چوار قورنە هەرچەند جار بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی رانیە سەردانیان دەكەن بەڕێوەبەرایەتی ئەو بنكەیە ناڕەزایی دەردەبڕن و داواكارن وەك وەزارەت دەنگی ئەوان بگەیەنرێت بە حكومەت تاكو چارەسەریەك بۆ گرفتەكانیان بدۆزنەوە, چونكە ئەمانیش هەمان كێشە و گرفتی بنكەكانی دیكەیان هەیە.

لە درێژەی راپۆرتەكەی بنكەی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی ناحیەكانی (حاجیاوا-بێتواتە) سەرباری هەمان كێشە و گرفتی بنكەكانی دیكە بۆ ئەوانیش، بەلاّم لەم بنكەیەدا بەهۆی نەبوونی ئامێری گەرمكردنەوە لەناو ژوورەكانی بەندكردن و نەبوونی رایەخ و فەرش و بەتانی بەگوێرەی پێویست بلاّوبوونەوەی نەخۆشی (ئەنفلەوانزا) لەنێو بەندكراوەكاندا پەرەی سەندوە.

راپۆرتی بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی گەرمیان كە تایبەتە بەسەردان و بەسەركردنەوەی بەندیخانەكان كە هەر یەك لە (خانەقین و پۆلیسی گەرمیان و كەلار و كفری) دەگرێتەوە دەركەوتووتوە كە لە بنكەی گرتن و گواستنەوی پۆلیسی خانەقین هیچ كێشەیەك بەدی نەكراوە و لەرووی بینایەشەوە ئەم بنكەیە هیچ كێشەیەكی نییە، بەلاّم بینایەی بنكەی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی گەرمیان نەگونجاوە بۆ ئوەی ببێتە گرتوخانە ئەمەش وایكردووە كە زۆربەی بەندكراوەكان تووشی نەخۆشی پێست بن ئەمەشیان زیاتر بۆ ئەوە دەگەرێتەوە كە گۆرەپانێكی تایبەت نییە بۆ ئەوەی رۆژانە بەندییەكان بچنە بەر هەتاو.. بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤ لەگەرمیان پێشنیاریكردووە كە وەزارەت پەیوەندی لەگەلّ لایەنە پەیوەندیدارەكان بكات بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشەیە، دەنا لەرووی خزمەتكوزاریی و هەلّسوكەوتی كارمەندان

لەگەڵ بەندکراوەکان هیچ سکالاً و گلەییەك نەبووە، لەبنکەی دەستبەسەرداگرتنی کەلار-یش شتێکی ئەوتۆ نەبووە کە شایانی کێشە و پێشێلکاری بووبێ و لەرووی پێناسیشەوە شوێنکە گونجاوە.

لەبنکەی دەستبەسەرداگرتن لە پۆلیسی کفری سەرەرای ئەوەی هیچ سکالاًیەك لەلایەن بەندکراوانەوە نەبووە، بەلاًم بەندکراوەکان چەند داواکارییەکیان خستۆتەروو لەمانە:

دابینکردنی فەرش و خواردن لەلایەن ئیدارەی بەندیخانەوە، چونکە ئەستەم دەبێت کە خواردنیان پێ دابین بکرێ.

لەهەمان راپۆرتی دیوانی وەزارەت بەشێك بۆ راپۆرتەکەی بەرێوبەرایەتی مافی مرۆڤی چەمچەماڵ کە تایبەتە بەرەوسشی بەندیخانەکان ئامادەکراوە کە رۆژی 2007/12/13 سەردانی هەر یەك لە بنکەی گرتن و گواستنەوەی چەمچەماڵ و یاریدەدەرێتی ئاسایشی چەمچەماڵ-یان کردووە و لەسەردانەکەشدا (20) دۆشەك و (40) بەتانی-یان بەسەر گیراوەکانی هەردوو بەندیخانەی ئەم بنکانە دابەشکردووە، هەر لەکاتی سەردانیکردنیان بۆ بنکەی گرتن و گواستنەوەی چەمچەماڵ کەلە رۆژی سەردانەکەیدا (35) راگیراوی تێدابووە و لەنێویاندا منداڵ و ژن نەبووە، لە زۆر لایەنی یاساییەوە مافەکانیان پارێزراوە، بەلاًم کەشی ژوورەکە بۆ ئەم وەرزە گونجاو نیە، بۆ بەرێوبەرایەتی مافی مرۆڤ لەچەمچەماڵ لە هەوڵداندایە بۆ دابینکردنی کومبار و هیتەر بۆیان.

لەسەردانیکردنیشیان بۆ یاریدەدەرێتی ئاسایشی چەمچەماڵ لە بەندیخانەکەدا تەنها (1) زیندانی عەرەبی تیا بووە کە ئەویش دادوەر بە تۆمەتی تەزویرکردنی دراوی عێراقی فەرمانی گرتنی داوە.

لەراپۆرتی دوو مانگەی ئەمجارەی بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی سلێمانی تایبەت بە بەندیخانەکان کە هەر دوو بنکەی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی و بەرێوەبەرایەتی چاکسازی کۆمەلاًیەتی بە هەر سێ بەشی نەوجەوانان و ژنان و پیاوان دەگرێتەوە هاتووە کە بنکەی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی لەرووی بیناییەوە نەگونجاوە، ئەمەش رێگرێکە لەبەردەم ئەوەی کەرەچاوی چەند خاڵێك نەکرێت وەك: تێکەڵکردنی راگیراوەکان بەبێ رەچاوی جۆری تاوان و تەوالیت و جێگەی خۆشتن بەگوێرەی ژمارەی راگیراوەکان نییە کە ئەمەش کێشەیەکی زۆری بۆ دروستکردوون و نەبوونی گۆرەپان و دواکەوتنی کێشەی یاسایی یەکلاکەرەوەی بەندکراوەکان و تێکچوونی ئامێری ساردی و گەرمی و (ساحیبە)ی ناوهۆڵەکان و کێشەی نەبوونی کارەبا بەتایبەت لە شەواندا... هەروەها کەمی ئاو، هەر چەندە لەلایەن بەرپرسانەوە بەڵێنی چارەسەرکردنی دراوە، بەلاًم تا ئێستا جێ بەجێ نەکراوە... لەرووی تەندروستیشەوە لەبەر بچوکی بیناکە بلاًوبوونەوەی نەخۆشی لە نێو بەندکراوەکان هەیە، نەبوونی بەشی کۆمەلاًیەتی کە ئەم بەشە لەنێو بەندیخانە زۆر گرنگە بەتایبەت لەو کاتەی کە زیندانیەك تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت.

لەبەرێوەبەرایەتی چاکسازی کۆمەلاًیەتی-یش لەبەشی نەوجەوانان ئەوەی بەدیکراوە نەبوونی گۆرەپانی یاری و راهێنانی وەرزشی و سەرجەمی چالاکیە رۆشنبیرییەکان و نەبوونی (هۆڵی چاوپێکەوتن)، لەکاتی سەردانیکردنی کەسوکاری بەندکراوان شوێنێکی تایبەت نیە تاوەکو بتوانن چاوپێکەوتنی تیادا ئەنجام بدەن و هەمان کێشەی نەبوونی هۆڵی تایبەت لەبەشی ژنان-یش دەردەکەوێ سەرباری نەبوونی بەشی کۆمەلاًیەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ژنەبەندکراوەکان.

لەبەشی پیاوانیشدا گەورەترین کێشە نەبوونی کارەبایە، سەرەرای ئەوەی کە (مۆلیدە)یان بۆ دابینکراوە، بەلاّم ناتوانرێت وەك پێویست رۆژانە کارەبایان بۆ دابین بکات کە زرۆ جاریش دەبێتە هۆکار بۆ نەبوونی ئاو-یش.

هەروەها لەبەشی پیاوان هیچ وەرشەیەك نییە کە ئەمەش یەکێکە لە لەمافە سەرەتاییەکانی بەندکراوان.

## ئاماری بەندیخانەکان بۆ مانگی تشرینی دووەم/2007

| ژ | ناوی بەندیخانە | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| 1 | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی هەولێر | 244 | 244 |
| 2 | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی | - | 273 |
| 3 | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی دهۆك | 305 | 84 |
| 4 | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی ئاكرێ | - | 21 |

چاکسازیەکانی ئافرەتان و نەوجەوانان

| ژ | ناوی چاکسازیەکان | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| 1 | چاکسازی ئافرەتانی هەولێر | 10 | 26 |
| 2 | چاکسازی نەوجەوانانی هەولێر | 14 | 14 |
| 3 | فەرماندەی چاککردنی کۆمەلایەتی سلێمانی | 450 | - |
| 5 | چاکسازی ئافرەتانی دهۆك | 7 | 4 |
| 6 | چاکسازی نەوجەوانانی دهۆك | 14 | 18 |

| ژ | بەندیخانەی ئاسایش | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی گیراوەکان |
|---|---|---|---|
| | ئاسایشی گشتی / هەولێر | - | 411 |
| | ئاسایشی گشتی / سلێمانی | - | 581 |
| | ئاسایشی ئاکری | - | 1 |

| | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | 1044 | 1677 |
| تێکرای ژمارەی بەندکراوەکان | | 2721 |

**تێبینی**: ژمارەی بەندکراوەکانی ئاسایش جێگیر نیە...

هۆبەی بەندیخانەکان

# ئاماری بەندیخانەکان بۆ مانگی کانونی یەکەم/2007

| ژ | ناوی بەندیخانە | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| 1 | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی هەولێر | 249 | 217 |
| 2 | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی | - | 267 |
| 3 | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی دهۆك | 326 | 82 |
| 4 | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی ئاکرێ | 1 | 29 |

چاکسازیەکانی ئافرەتان و نەوجەوانان

| ژ | ناوی چاکسازیەکان | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| 1 | چاکسازی ئافرەتانی هەولێر | 11 | 22 |
| 2 | چاکسازی نەوجەوانانی هەولێر | 16 | 21 |
| 3 | فەرماندەی چاککردنی کۆمەڵایەتی سلێمانی | 430 | - |
| 5 | چاکسازی ئافرەتانی دهۆك | 7 | 3 |
| 6 | چاکسازی نەوجەوانانی دهۆك | 14 | 13 |

| ژ | بەندیخانەی ئاسایش | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی گیراوەکان |
|---|---|---|---|
| | ئاسایشی گشتی / هەولێر | - | 434 |
| | ئاسایشی گشتی / سلێمانی | - | 565 |
| | ئاسایشی ئاکری | - | - |

| | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | 1054 | 1653 |
| تێکرای ژمارەی بەندکراوەکان | | 2707 |

**تێبینی**: ژمارەی بەندکراوەکانی ئاسایش جێگیر نیە...

هۆبەی بەندیخانەکان

# بەشی سکالا

ئــەو ســـکالاّیانەی کـــەوا ئاراســـتەی وەزارەت کـــراوە لەلایـــەن هاولاّتیانـــەوە کەســـەرادانی وەزارەتیـــان کـــردووە یـــان بەنووسراولەصندوقەکانی سکالاّوە گەیشتوەتە بەشی سکالاّ لـە دیـوانی وەزارەت یـان بەنووسـراو لەلایـەن بەڕێوەبەرایـەتی ونووسینگەکانەوە رەوان کراوە.وەلاّمدراوەتەوە بەنووسراوی فەرمی یان بەتەلـەفۆن و سـەردان وبەدواداچـوونی پێویـستی بـۆ کراوە کە(27) سکالاّی راسەتوخۆ ئاراستەی وەزارەت کراو (2)دووسکالاّی نووسینگەی مافی مرۆڤی ئاکرێ و.وە(5) پێنج سکالاّی بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی سلێمانی یەك سکالاّی بەڕێوەبەرایـەتی مـافی مرۆڤـی چەمـچەماڵ کـەکۆی گـشتی سکالاّکان (35) سکالاّی جۆراو جۆروکێشەکانیان بریتین لەکێشەی یاسایی وکێشەی کارو کێشەی ئـابووری کێـشەی تونـدو تیژی دژی مێنە وکێشەی تەندروستی کێشەی زیندانی کێشەی خوێندن وکێشەی دامـەزراندن....هتد.

**لەرووی سەردان و بەدواداچوون و گوێگرتن لەو لایەن و فەرمانگانەی کە بۆ ئەم مەبەستە سەردانیان کردوون بەم شێوەیەی خوارەوە لە را پۆرتەکەیاندا باسی لێوە دکەن.**

**سەردان :-**

1- لەرێکەوتی 2007/11/20 لەگەڵ ئەو تیمەی کەپێکهێنرابووبۆ سەردانی قوتابخانەکان سەردانی هەردوو قوتابخانەی سەرەتایمان کرد، قوتابخانەی رۆژی سەرەتایی تێکەلاو و قوتابخانەی بادادوەی سەرەتایی تێکەلاو بەبۆنەی رۆژی جیهانی مافەکانی منداڵەوە.

بەوبۆنەوە کەرەستەی پەراوگەییمان دابەشی سەر خوێندکارەکان کرد وەکو دیارییەکی رەمزی بەو بۆنەیەوە.

2- لەرێکەوتی 2007/12/11 سەردانی بەرێوەبەرایەتی چاکسازی نەوجەوانان وئافرەتانمان کرد بۆ کردنەوەی صندوقەکانی سکالا.لەهەمان رۆژدا سەردانی بەرێوەبەرایەتی بەندیخانەی ناوەندی هەولێرمان کرد بەمەبەستی کردنەوەی صندوقەکانی و چاومان کەوت بەبەرێز بەرێوەبەری بەندیخانەکەو کەم وکورتی بەندیخانەکەی باس کرد بریتی بوولە :-

أ- نەبوونی وەرشەی کار لەبەندیخانەکە

ب- کەمی ژمارەی لێکۆلەرەوە کۆمەلایەتیەکان کەژمارەیان پێنج لێکۆڵەرەوەیە پێویستە هەر پانزە بەندکراو لێکۆڵەرەوەیەکی کۆمەلایەتی سەرپەرشتی و لێکۆلینەوەی لەبارەیانەوەئەنجام بدات.

جـ-ئەو پارەیەی کەتەرخان کراوە بۆ خواردنی هەربەندکراوێك کەمەو بکرێت بەچوار هەزار دینار بۆ هەر بەندکراوێك رۆژانەکەلەسلێمانی بۆهەر بەندکراوێك ئەوەندەیە.

هەر لەمیانەی سەردانەکەماندا بۆ بەندیخانەکە چاومان کەوت بەفەرمانبەران وکارمەندانی تەندروستی بنکەی تەندروستی یەکەی ناوبەندیخانەکە ئەوان وتیان هیچ کەم وکورتیەکمان نیە.لەرووی جۆرو چەندایەتی دەرمانەوە دەرمانخانەکەیان دەرمانی پێویست وباشیان هەیە بۆ بەندرکراوەکان تەنانەت دەرمان بۆ کەس وکاری بەندکراوەکانیش سەرف دەکەن ئەگەر نەخۆش بوون لەرۆژانی سەردان وەتاقیگەشی لێیە بۆ پشکنینی نەخۆشەکان.

**لەرووی پێشنیارکردنیشەوە بەشی سکالاٚ لە راپۆرتی ئەمجارەیاندا چەند پێشنیارێکیان خستۆتەروو لەمانە :**

**پێشنیارەکان:-**

**پێشنیاری**1- داوابکرێت لەئەنجومەنی وەزیران بۆ دروست کردنی بەندیخانەیەکی مۆدێرن تاپرۆسەی چاکسازی بەندکراوەکان کاراتر بێت وبەندکردنەکە رۆڵی خۆی ببینێ لەچاککردنەوەی تاوانبارەکان بۆ گەڕانەوەیان وەکو تاکی کارا لەناو کۆمەڵگای کوردیدا .وەنەگەرانەوەیان بۆسەر تاوان جارێکی تر، چونکە ئەو شوێنەی ئێستا مواصەفاتی بەندیخانەی(وەکو شوێنی چاکسازی )بەتەواوی تێدا نیە لەبەر بچوکی جێگایەکەو نەبوونی ئەو بەش و هۆڵ وگورەپان و ئامێری پێویستی تێدانیە بۆ هەر کارێك کە بەرێوەبەرایەتی بەندیخانەکە ئەنجامی دەدات لەگەڵ لایەنە بەپرسەکانی ترکە بەندیخانەکە ئەبەن بەرێوە ئەو ئەکتیڤییەی خۆی نابینێ کەلەبینایەکی نویٚ دا دەکریٚ.هەروا بەنکراوەکانیش سود لە وشوێنە وەرناگرن بەتەواوی وەکو لەبینایەکی نویٚ دابن.

دواتر ناوی هەرسێ بەندیخانەی سلێمانی وهەولێر ودهۆك یەك بخرێت. یاسایەکیش دەربکرێت بەناوی یاسای بەندیخانەکان لەهەرێمی کوردستا(چونکە گرنگی دان بەمافی بەندکراوەکان یەکێکە لەنیشانە هەرەدیارەکانی گرنگی دان بەمافی مرۆڤ.

**پێشنیاری**2–ناردنی مافپەروەران بۆ دەرەوەی کوردستان بۆ بەشداری کردن لەو خول وۆرك شۆپانەی کە لەبارەی مافی مرۆڤەوە دەکرێتەوە لەکاتی گەڕانەوەشیان ڕاپۆرتی تێروتەسەل ئامادە بکەن و دابەش بکرێت بەسەر هەموو بەشەکانی وەزارەت و وێنەیەکیش بنێردرێت بۆ نووسینگە و بەرێوەبەراتیەکان .

**پێشنیاری** 3- هەرچوار مانگ جارێك بەرێوەبەری بەشەکانی ناو وەزارەت وبەرێوەبەری نووسینگەو بەرێوەبەرایەتیەکان لەگەڵ جەنابی وەزیر کۆبونەوە بکەن بۆ ئاگاداربوون لەکارو چالاکیەکانی وەزارەت وسود وەرگرتن لەپێشنیار وچالاکیەکان.

**پێشنیاری** 4- بلاٚو کردنەوەی چالاکی بەشەکەمان بەشی سکالاٚ هەردوومانگ جارێك لەرۆژنامەکانی کوردستان.

**پێشنیاری** 5- گۆرینی جێگای ئەو صندوقانەی کەسکالاٚیان تیادا نەنراوە بۆ ئەو جێگایانەی کەمەزەندەی ئەوەی لێدەکرێت کە سکالاٚ زۆرتر بخرێتە ناویەوە

**پێشنیاری** 6 –دابین کردنی ئوتۆمبێل بۆ بەشی سکالاٚ بۆ ئەوەی بتوانیین بەئاسانی بەدواچوونی سکالاٚکان ئەنجام بدەین لەگەڵ رێزدا.

# خشتەی سکالآکانی مانگی 11 و12 2007/ وەزارەتی مافی مرۆڤ

| ژ | ناوی سکالا کار | ناوی کەسی مەبەست | جۆری سکالاَ | ژمارەکان | کاری پێویستی ئەنجام دراوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ا.ك.خ | ر، ا ،ك | کێشەی یاسایی | 1 | نووسراوی فەرمیمان ئاراستەی وەزارەتی ناوەخۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوان کردووە | |
| 2 | ت. خ. م | ـــــــ | کێشەی کار | 1 | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە (2036) لە 2007/11/8 ئاراستەی پارێزگای (هەولێر) کردووە پارێزگای هەولێر بەنووسراوی ژمارە (7836) لە 2007/11/20 وەلآمیان دایەوە | |
| 3 | ا. ح. خ | ـــــــ | کێشەی کار | 1 | نووسراوی فەرمیمان بە ژمارە ( 2036) لە 2007/11/8 ئاراستەی پارێزگای هەولێر کرد وە پارێزگای (هەولێر) بەنووسراوی ژمارە 7836 لە 2007/1/20 وەلآمیان دایەوە | |
| 4 | ع،خ،ع | ـــــــ | کێشەی کار | 1 | نووسراوی فەرمیمان بە ژمارە ( 2036) لە 2007/11/8 ئاراستەی پارێزگای هەولێر کرد وە پارێزگای (هەولێر) بەنووسراوی ژمارە 7836 لە 2007/1/20 وەلآمیان دایەوە | |
| 5 | ا، ا،م | ـــــــ | کێشەی ئابووری | 1 | نووسراوی فەرمیمان به ژمارە 2184 لە 2007/12/4 ئاراستەی دەزگای ایلول کرد بۆ چارەسەری کێشەکەی | |
| | | | | | | |

## خشتەی سکالاّکانی مانگی 11 و12 2007/ وەزارەتی مافی مرۆڤ

| ژ | ناوی سکالا کار | ناوی کەسی مەبەست | جۆری سکالاّ | ژمارەکان | کاری پێویستی ئەنجام دراوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 6 | ئ ،ح، ا | ـــــــــ | کێشەی خوێندن | 1 | ئەم کێشەیە پەیوەندی بەوەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمەوە هەیە بۆیە لەرێکەوتی 2007/12/2 سکالاّکارمان نارد بۆ وەزارەتی ناوبراوە. | |
| 7 | ف،م،م | ش،ف،م | کێشەی توندو تیژی دژی مێینە | 1 | لەرێکەوتی 2007/12/4 پەیوەندیمان کرد بە بەرێوەبەرایەتی بنکەی پۆلیسی بەدواداچوونی توند و تیژی بەرامبەر ئافرەتان بۆ هاوکاری کردنی سکالاّکار وە کێشەکەی ئێستا لە دادگای لێکۆلینەوەی هەولێرە. | |
| 8 | د،ع، م،ر | ـــــــــ | کێشەی گەرانەوەی سەر کار | 1 | نووسراوی فەرمیمان بە ژمارە ( 2240) لە 2007/12/9 ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر کردبۆ مەبەستی گەرانەوەی وەکو مامۆستای (سەرەتایی). | |
| 9 | ب،م،ع | ـــــــــ | کێشەی تەندروستی | 1 | نووسراوی فەرمیمان ئاراستەی وەزارەتی تەندروستی /ب.گشتی کاروباری تەندروستی کردووە بۆ مەبەستی هاوکاری کردنی بەژمارە (2336) لە2007/12/31 | |
| 10 | ك،م،ف | ـــــــــ | کێشەی کارگێری | 1 | نووسراوی فەرمیمان ئاراستەی وەزارەتی (دارایی وئابووری ) /ب.گ.دیوان کرد بەژمارە(2313) لە2007/12/27 | |
| | | | | | | |

## **خشتەی سکاڵاکانی مانگی 11 و12 2007/ وەزارەتی مافی مرۆڤ**

| ژ | ناوی سکالا کار | ناوی کەسی مەبەست | جۆری سکاڵا | ژمارەکان | کاری پێویستی ئەنجام دراوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 11 | ن،ص،ح،ا | ــــــــــ | کێشەی توندو تیژی دژی مێینە | 1 | ڕێنمایمان کرد بۆ ئەوەی کێشەکەی لەدادگا یەکلایی بکاتەوە لەگەڵ مێردەکەی دا کەناوی (شێروان سلێمان سلیم )ە. | |
| 12 | ب،م،ا | ــــــــــ | کێشەی خوێندن | 1 | نووسراوی فەرمیمان ئاراستەی وەزارەتی پەروەردە/ب.گ.دیوان کرد. | |
| 13 | ز،م،ر | ــــــــــ | کێشەی دامەزراندن | 1 | نووسراوی فەرمیمان ئاراستەی وەزارەتی خوێندنی باڵا/ب.گ.دیوان کرد ژمارە (2334) لە2007/12/31. | |
| 14 | ج، ا،ص | ــــــــــ | کێشەی زیندانی | 1 | بۆ چارەسەری کێشەکەی سکاڵاکەی لەرێگای بەرێوەبەرایەتی بەندیخانەکانەوە ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی کراوە بۆ مەبەستی گواستنەوەی بۆ بەرێوەبرایەتی چاکسازی سلێمانی.. | |
| 15 | ع،س،ع | ــــــــــ | کێشەی زیندانی | 1 | بۆ چارەسەری کێشەکەی سکاڵاکەی لەرێگای بەرێوەبەرایەتی بەندیخانەکانەوە ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی کراوە بۆ مەبەستی گواستنەوەی بۆ بەرێوەبرایەتی چاکسازی سلێمانی | |
| | | | | | | |

## خشتەی سکاڵاکانی مانگی 11 و12 2007/ وەزارەتی مافی مرۆڤ

| ژ | ناوی سکالا کار | ناوی کەسی مەبەست | جۆری سکالاٚ | ژمارەکان | کاری پێویستی ئەنجام دراوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 16 | م،ع،ر | ـــــــ | کێشەی زیندانی | 1 | بۆ چارەسەری کێشەکەی سکالاکەی لەرێگای بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەکانەوە ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی کراوە بۆ مەبەستی گواستنەوەی بۆبەڕێوەبەرایەتی چاکسازی سلێمانی. | |
| 17 | م،ز،ك | ـــــــ | کێشەی زیندانی | 1 | بۆ چارەسەری کێشەکەی سکالاکەی لەرێگای بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەکانەوە ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی کراوە بۆ مەبەستی گواستنەوەی بۆبەڕێوەبەرایەتی چاکسازی سلێمانی | |
| 18 | د،ع،ر | ـــــــ | کێشەی زیندانی | 1 | بۆ چارەسەری کێشەکەی سکالاکەی لەرێگای بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەکانەوە ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی کراوە بۆ مەبەستی گواستنەوەی بۆبەڕێوەبەرایەتی چاکسازی سلێمانی | |
| 19 | ر،ك،ج | ـــــــ | کێشەی زیندانی | 1 | بۆ چارەسەری کێشەکەی سکالاکەی لەرێگای بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەکانەوە ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی کراوە بۆ مەبەستی گواستنەوەی بۆبەڕێوەبەرایەتی چاکسازی سلێمانی | |

## خشتەی سکالاکانی مانگی 11 و12 /2007 وەزارەتی مافی مرۆڤ

| ژ | ناوی سکالا کار | ناوی کەسی مەبەست | جۆری سکالا | ژمارەکان | کاری پێویستی ئەنجام دراوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 20 | س،ح،ص | ـــــــ | کێشەی زیندانی | 1 | بۆ چارەسەری کێشەکەی سکالاکەی لەرێگای بەرێوەبەرایەتی بەندیخانەکانەوە ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی کراوە بۆ مەبەستی گواستنەوەی بۆبەرێوەبەرایەتی چاکسازی سلێمانی. | |
| 21 | خ،م،س | ـــــــ | کێشەی زیندانی | 1 | بۆ چارەسەری کێشەکەی سکالاکەی لەرێگای بەرێوەبەرایەتی بەندیخانەکانەوە ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی کراوە بۆ مەبەستی گواستنەوەی بۆبەرێوەبەرایەتی چاکسازی سلێمانی | |
| 22 | هـ،ع،م | ـــــــ | کێشەی زیندانی | 1 | بۆ چارەسەری کێشەکەی سکالاکەی لەرێگای بەرێوەبەرایەتی بەندیخانەکانەوە ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی کراوە بۆ مەبەستی گواستنەوەی بۆبەرێوەبەرایەتی چاکسازی سلێمانی | |
| 23 | ل، ا،ك | ـــــــ | کێشەی زیندانی | 1 | بۆ بەرژەوەندی گشتی دەبێت ڕێنماییەکانی (ئاسایش) لەبەر چاو بگیرێت بۆ چارەسەری کێشەکەی. | |
| | | ـــــــ | کێشەی زیندانی | 1 | بۆ چارەسەری کێشەکەی سکالاکەی لەرێگای بەرێوەبەرایەتی بەندیخانەکانەوە ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی کراوە بۆ مەبەستی گواستنەوەی بۆبەرێوەبەرایەتی چاکسازی سلێمانی. | |
| | | | | | | |

# خشتەی سکاڵاکانی مانگی 11 و12 2007/ وەزارەتی مافی مرۆڤ

| ژ | ناوی سکاڵا کار | ناوی کەسی مەبەست | جۆری سکاڵا | ژمارەکان | کاری پێویستی ئەنجام دراوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 24 | ع،ع | ـــــــــ | کێشەی زیندانی | 1 | بۆ چارەسەری کێشەکەی سکاڵاکەی درایە بەشی بەندیخانەکان بۆ مەبەستی ئەوەی نووسراوی فەرمی ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی بکرێت | |
| 25 | ك،ج،ا | ـــــــــ | کێشەی زیندانی | 1 | بۆ چارەسەری کێشەکەی سکاڵاکەی لەرێگای نوێنەری وەزارەتمان دەدرێتە لیژنەی لێبوردنی تایبەت. | |
| 26 | خ،م،م | ـــــــــ | کێشەی زیندانی | 1 | بۆ چارەسەری کێشەکەی سکاڵاکەی لەرێگای نوێنەری وەزارەتمان دەدرێتە لیژنەی لێبوردنی تایبەت. | |
| 27 | ه،ا،ع | ـــــــــ | کێشەی زیندانی | 1 | لێکۆلینەوە بەردەوامە لەسەر بابەتی سکالاکە کەئەویش ئەشکەنجەدانە لەکاتی دەستگیر کردنی لەلایەن ئاسایشی (بەردەرەش). | ن.ئاکرێ |
| 28 | ق،ط،خ | ـــــــــ | کێشەی زیندانی | 1 | لێکۆلینەوە بەردەوامە لەسەر بابەتی سکالاکە کەئەویش ئەشکەنجەدانە لەکاتی دەستگیر کردنی لەلایەن ئاسایشی (بەردەرەش). | ن.ئاکرێ |
| | | | | | | |

## خشتەی سکاڵاکانی مانگی 11 و12 2007/ وەزارەتی مافی مرۆڤ

| ژ | ناوی سکالا کار | ناوی کەسی مەبەست | جۆری سکاڵا | ژمارەکان | کاری پێویستی ئەنجام دراوە | تێبینی |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| 29 | ب،ح،ب | ـــــ | کێشەی خوێندن | 1 | نووسراوی فەرمیمان بە ژمارە ( 2246) لە 2007/12/9 ئاراستەی وەزارەتی خوێندنی باڵاو/بەڕێوەبرایەتی گشتی خوێندن وپلاَن دانان وبەدواداچوون کردووە | |
| 30 | ر،ع | ـــــ | کێشەی خانوبەرە | 1 | ڕۆژی 2007/11/3 بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی سلێمانیەوە بەدواداچوونی سکاڵاکەی کراوە لەسەرۆکایەتی شارەوانی و فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی. | ب.سلێمانی |
| 31 | ر،ا،م | ـــــ | کێشەی خانوبەرە | 1 | ڕۆژی 2007/11/7 بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی سلێمانی پەیوەندی بەبەرنامەی کۆمەك کردنی خێزانە هەژارەکان لەتەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کردبەمەبەستی هاوکاری کردنی هاوڵاتی نابینایی ناوبراو. | ب.سلێمانی |
| 32 | ر،م،ا | ـــــ | کێشەی ئابووری | 1 | ڕۆژی 2007/11/12 بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی سلێمانی بەدواداچوونی بۆسکاڵای سکاڵاکار کردووە کەخەڵکی شارۆچکەی (عەربەتە). | ب.سلێمانی |
| 33 | م،ح،ر،ص | ـــــ | کێشەی کار | 1 | ڕۆژی 2007/12/5 بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی سلێمانی ئاگاداری ڕێکخراوی (هاندی کاپی) کردۆتەوە بۆچارەسەری کێشەکەی ڕێکخراوی ناوبراو بەلێنی هاوکاری سکاڵاکاری دا. | ب.سلێمانی |
| | | | | | | |

## خشتەی سکاڵاکانی مانگی 11 و12 2007/ وەزارەتی مافی مرۆڤ

| ژ | ناوی سکالا کار | ناوی کەسی مەبەست | جۆری سکالاٚ | ژمارەکان | کاری پێویستی ئەنجام دراوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 34 | ا،ق،ح،ص | کێشەی یاسایی | کێشەی خوێندن | 1 | رۆژی 2007/12/12 بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی سلێمانی بەدواداچوونیان بۆ کێشەکەی کردووە لەرێگەی بەشی یاسا بەرێوەبەرایەتی رەگەزنامەی سلێمانیەوە بەمەبەستی یەکلایی کردنەوەی کێشەکەی. | ب. سلێمانی |
| 35 | ك، (خێزانی-ب) | کێشەی توندو تیژی دژی ژنان | کێشەی خانوبەرە | 1 | بەرێوەبەرایەتی مافە مرۆڤی چەمچەماڵ بۆ بەدواداچوونی سکالاٚکەی سەردانی ناوبراوی کردووە لەماڵی باوکی و کێشەکە ئێستا لەدادگای لێکۆلینەوەی چەمچەماڵە | ب.چەمچەماڵ |
| | کۆی گشتی سکالاٚکان | ـــــــ | کێشەی خانوبەرە | 35 | رۆژی 2007/12/12 بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی سلێمانی بەدواداچوونیان بۆ کێشەکەی کردووە لەرێگەی بەشی یاسا بەرێوەبەرایەتی رەگەزنامەی سلێمانیەوە بەمەبەستی یەکلایی کردنەوەی کێشەکەی. | ب. سلێمانی |

## بەشی منداڵ و ژنان

لە هەردوو مانگی تشرینی دووەم و کانونی یەکەمدا ئەم بەشە بەپێی راپۆرتی دوو مانگەی خۆی لە دیوانی وەزارەت و نووسینگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بەم وەزارەتە لە شار و شارۆچکەکاندا ژمارەیەك چالاکیان ئەنجامداوە لەمانە:

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مافەکانی مرۆڤ لە دیوانی وەزارەت (5) گروپی پێکهێناوە، بۆ سەردانی قوتابخانەکان بۆ دابەشکردنی دیاری بەسەر منداڵاندا بە بۆنەی رۆژی 2007/11/20 رۆژی جیهانی منداڵاندا...

هەروەها سەردانی نەخۆشخانەی ئیمێرجینسیان کردووە بە مەبەستی وەرگرتنی ئاماری سووتاوەکان کە لە ساڵی 2007 روویداوە، بەڵام ئاماژە بەوە دەکەن کە ژمارەی سووتاوەکان زۆرن ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هێنانی سووتاوەکانی دەروبەری شاری هەولێریش بۆ ئەم نەخۆشخانەیە یانی ئەم رێژەیە تەنها هی ناو شاری هەولێر نیە.

لە رۆژی تەندوتیژی دژی ژنان-یش بەشداری کاریگەرییانەی هەبووە و هەر لە یادەوەرییەکانی ئەم دوو مانگەدا لە رۆژی جاڕی جیهانی مافی مرۆڤ کە دەکاتە 12/10 بۆ ساڵیادی ئەم رۆژە بەشدارییان لەو پێشانگایە کرد کە وەزارەت رێکیخستبوو. لە بەڕێوەبەرایەتی کۆیە-ش لە رۆژی منداڵان دیاری و ئارمی تایبەت بەم یادەوە بەسەر قوتابیانی قوتابخانەکان و باخچەی ساوایان دابەشکرا و لەرۆژی 12/10 رۆژی جیهانی مافەکانی مرۆڤ-یش بەشدارییان لەو پێشانگایە کرد کە لە سلێمانی لە مۆزەخانەی (ئەمنە سوورەکە) سازدرا و کۆمەڵێ چالاکی خۆیان لەپاڵ چالاکی بەڕێوەبەرایەتییەکانی دیکە خستەڕوو.

هەروەها لەم راپۆرتەدا هاتووە کە بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤ لە سلێمانی بە هاوڕێییەتی گروپی گاپیلۆن/ی لقی سلێمانی و یەکێتی ژنانی کوردستان و رێکخراوی (سایە) بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی مێینە سەردانی گوندەکانی (قەیوان و کۆڵەدەر)یان کردووە و بە مەبەستی ئاگاداربوون لە رەوشی مافی مرۆڤ لەم ناوچانەدا...

لە بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی گەرمیان-یش لە رۆژی منداڵان دیاری بەسەر منداڵان دابەشکرا و جلوبەرگیش بەسەر زیاتر لە (50) منداڵی کەمئەندام لە قوتابخانەکانی کەلار و دیارییشیان بەسەر چەند منداڵێکی کەمئەندام و هەژار لەنێو بارەگاکانی شاری کەلار دابەشکرد...

لەلایەکی نووسینگەی خانەقین هەڵساوە بە سازدانی ئاهەنگێك لە هەردوو باخچەی ساوایانی کوردستان و باخچەی ساوایانی خانەقین بەم بۆنەیەوە... لە کفری-یش چەند چالاکیەکی جۆراوجۆر پێشکەشکراوە و وەك کردنەوەی پێشانگا و سازدانی ئاهەنگ و دابەشکردنی خەڵات.

هەروەها بەڕێوەبەرایەتی گەرمیان لە هۆڵی رۆشنبیری کەلار کۆڕێکی دەربارەی بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و کاریگەری لەسەر گۆڕانی کۆمەڵگا و سازدانی بەرنامەی رادیۆیی و تەلەفزیۆنیی و سازدانی ورك شۆپ بۆ ژمارەیەك (کارمەند و مامۆستا و ئەندامانی رێکخراوەکان) لە هۆڵی رۆشنبیری کەلار و کۆبوونەوە لە دیوانی

قایمقامیەتی کفری لەگەڵ مامۆستایانی ئاینی شاری کفری بۆ ئەوەی لە چۆنیەتی مزگەوتەکان باسی لە خراپی توندوتیژی دژی ئافرەتان بکەن.

هەر لە درێژەی چالاکیەکانی ئەم بەشە نووسینگەی مافی مرۆڤ لە ئاکرێ لە رۆژی 11/20 بە مەبەستی پیرۆزکردنی رۆژی منداڵان بە هاوکاری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ئاکرێ لە هەموو قوتابخانەکانی سەرەتایی شاری ئاکرێ و لە زۆربەی قەتابخانەکانی ناحیەکانی سەر بەم قەزایە هەڵسان بە کۆکردنەوەی قوتابیان لە گۆڕەپانی قوتابخانەکانیان بەمەبەستی خوێندنەوەی راگەیاندراوی وەزارەتی مافی مرۆڤ و دابەشکردنی بلاَکراوەکانی وەزارەت بەسەریاندا بەمەبەستی ئاشناکردنیان بە مافەکانیان...

هەر بەم بۆنەیەوە ئارمی وەزارەت بەسەر فەرمانگەکانی قەزاکە دابەشکرا و لە رۆژی (11/25)ش رۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی مێینە نووسینگەی ناوبراو سیمینارێکی (2) سەعاتی سازادا بۆ زیاتر لە (70) قوتابی هەردوو پەیمانگای تەکنیکی و مامۆستایان لە هۆڵی پەیمانگای تەکنیکی دەربارەی مافەکانی ئافرەتان... لە کۆتایشدا قوتابیان داوایانکرد کە ورك شۆپێك سەبارەت بەم بابەتە ئەنجامبدرێت.

نووسینگەی مافی مرۆڤی زاخۆ–ش بەهەمان شێوە لەم بۆنانەدا بەشدارییان کرد و سەردان و دیاریان پێشکەشکرد و ژمارەیەك نامیلکەیان لەسەر مافەکانی منداڵان دابەشکرد و هەر بەم بۆنەیەوەش لە رادیۆی زاخۆ بەرنامەیەکیان پێشکەشکردوە، رۆژی 11/25–ش بە بۆنەی رۆژی توندوتیژی دژی ئافرەتان سیمینارێکیان لە بنکەی گولاَنی رۆشنبیری سازادوە...

لە بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی رانیەش رۆژی 11/20 رۆژی جیهانی منداڵان لە قەڵادزێ یادی ئەم رێکەوتنە کرایەوە و ئامارێکیان لەسەر توندوتیژی دژی ژنان لە ناوچەکەدا ئامادەکردووە.

## * بەشی ڕێکخراوەکان *

گرنگترین کار و چالاکیەکانی بەشی ڕێکخراوەکان لە ماوەی هەردوو مانگی تشرینی دووەم و کانونی یەکەمی ساڵی 2007 دەکرێ بەم شێوەیە هەژمار بکرێ.

ڕێکاری و هەماهەنگی و ڕێکخستنی پەیوەندی لە نێوانی وەزارەت و ڕێکراوی unops سەبارەت بە بەشداریکردن لە کۆنگرەی کۆتایی چاودێری مافەکانی مرۆڤ کە لە وڵاتی ئوردن بەڕێوەچوو، هەروەها بەشداریکردنیان لە خولێک بەناوی (بنەماکانی کارامەی کارگێڕی بەڕێوەبەری کار) کە لەلایەن ڕێکخراوی ئەنستیوتی کوردستان بۆ کارگێڕی گشتی ئەنجامدرابوو. لە میانی چالاکیەکانی دیکەیاندا راپۆرتێکیان بەرزکردۆتەوە بۆ وەزارەت کە ڕێکخراوی (**شبكة العدالة للسجناء**) کە لەسەر ڕەوشی بەندیخانەکانی هەرێمی کوردستان ئامادە کرابوو، هەر لەبەر ئەم ڕۆشناییانەدا راپۆرتی مانگانەی کار وچالاکی ڕێکخرا و ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانی لە هەرێمی کوردستان بۆ وەزارەت بەرزکردۆتەوە....

بەشی ڕێکخراوەکان لە پرۆژەی بەشداریکردنیاندا لە خولەکانی ناوخۆ و دەرەوە بەشداری لە خولێك کرد بەناوی (رابەرایەتی و پەیوەندیکردن) کە لەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە بە هەماهەنگی ڕێکخراوی usaip بەڕێوەچوو.

لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئەندام لە بۆردی راوێژکاری کارەکانیان بەرێوەبردووە و بەبەردەوامی راپۆرتی کۆنفرانسی کۆبوونەوەکانی بۆردی راوێژکاری بۆ ئەندامانی بۆرد دەنێرن تا سەرنجەکانی خۆیان بۆ کۆبوونەوەکانی داهاتوو گەڵاڵە بکەن.